# تێڕوانینی فەلسەفی بۆ نەست


کانت

و: خەسرەو میراودەلی

تویژینەوەی فەلسەفی لەسەرەتادا رووی لەسروشتی دەروون یاخود روانین لەتایبەتمەندییەکانی نەکرد، لەبەرئەوەی عەقڵ بەدەرککردنی ئەو شتە دەست پێ دەکات کە لێوەی دەردەچێت.

بەرلەوەی بۆ روانین لەخودی خۆی بگەڕێتەوە. لەبەرئەوە فەلسەفەی گریکی لەسەرەتادا لەتوێژینەوە لەسروشتی جیهان و بنەماکانیدا مایەوە، هەتا سۆفیستەکان هاتن و بانگەشەیان بۆ ئەوە کرد کە (مرۆڤ پێوەری هەموو شتێکە) و بیرکردنەوە رووەو روانین لەعەقڵی مرۆیی و بڕی ئەو حەقیقەتانەی بوون و بەهایانەی جیهان وەرچەرخا کە دەیتوانی دەرکیان بکات و لەدوای ئەوانیش توێژینەوە لەدەروونی مرۆیی گەشەی کرد.

سوکرات هەستا بەهەڵوەشاندنەوەی بانگەوازەکەیان و فەلسەفەکەی بەبانگەشەی مرۆڤ بۆ (ناسینی خۆی) دەست پێکرد. **ئیدی** روانین لەئاسمانەوە بۆ زەوی وەرچەرخا وەك شیشە رۆن دەڵێ.. گەرچی ئاسان نییە پەلە بکەین و بانگەشەی ئەوە بکەین کە زانینی (نەست) لەو کاتەوە دەست پێ دەکات، بەڵام کەمێك لەتێڕامان بەرەو ئەو گومانە پاڵمان پێوە دەنێ کە بڵێین فەیلەسوفان لەم کاتەوە دەستیان بەتوێژینەوە کردووە دەربارەی ئەوەی لەدەروونندا روو دەدات لەچالاکی رەنگە لەمیتۆدەکەی سوکراتداو لە(گاڵتەپێکردن: التهکم) و (بەرهەمهێنان: التولید) و هەوڵدانی بۆ رێنماییکردنی خەڵکی لەخستنەڕووی رێگا بەرەو حەقیقەتە شاراوەکانی قوڵاییەکانی دەروونیان، بێ ئەوەی دەرك بەبوونیان بکەن، لەمانەدا بوونی تۆوێکی ورد دەربارەی بیرۆکەی نەست لای سوکرات بەدی دەکەین. تەنانەت ئەفلاتونیش لەدەروونی نەتوێژیوەتەوە تەنیا وەك وەسیلەیەك

نەبێت بۆ گەڕان لەتیۆری مەعریفەدا، لەگەڵ ئەوەشدا کە ماوە بەماوە لەڕوانین لەدەروون دەدوا لەگەڵ تێبینیکردنی چالاکیەکەی‌و بیرکردنەوە لەسروشتەکەی– لە(خارمیدس)دا باسی ئەوەی کردووە کە زانینی دەروون لەلایەن مرۆڤەوە بریتییە لە: زانستەکەی‌و تێگەیشتنی لەوەی دەرکی دەکات. لێرەدا ئاوڕدانەوەیەك هەیە بۆ ئەوەی لەدەروونـدا دەگوزەرێ بێ ئەوەی زانستی هەبێت دەربارەی. ئەم ئاوڕدانەوەیەش لە(فیلابوس)دا روونتردەبێتەوە کاتێك ئەفلاتون دەڵێت: دەستکەوتنی چێژ بەس نییە بۆ هەستکردن بە بەختەوەری بەڵکو پێویستە دەرك بەو چێژە بکرێ (ئەگەر لەعەقڵ‌و یادەوەری‌و بۆچوونی راست بێبەش بوویت، بەشێوەیەکی حەتمی لەو لەزەتە بێئاگا دەبیت کە دەستت دەکەوێ، چونکە لەوکاتەدا لەهەموو جۆرەکانی بیرکردنەوە بێبەش دەبیت[2]). وەك جارێکی دیکەش لە(فیلابوس)[3]دا ئاماژە بۆ ئەو هەستانە (الاحساسات) دەکات کە دادەبارنە سەر جەستەو ناچنە سنوری دەروونەوەو لەکشوماتی خۆیدا بەجێی دەهێڵن‌و بەرەو ئەو هەستانەی تریش کە جەستە دەبڕن‌و بەرەو گیان دەچن‌و بەمەش جموجوڵ دەخەنە هەریەك لەجەستەو گیانەوەو دەیانخەنە چوست‌و چالاکیەوە.

رەنگە لەتیۆرەکەی ئەفلاتونیشدا دەربارەی زانین، هێمایەکی روونتر هەبێت بۆ ئاماژە بەنەست لەکاتی قسەکردنیدا دەربارەی مشتومڕی گەرم‌و لەدوای ئەوەی باس لەئەزموونی هەستیانە (الحسیە) و زانستە بیرکاریەکان دەکات‌و دەڵێت مەعریفەی راستەقینە زانینی ماهیەت‌و نموونەکانە (المثل)و ئێمە دەتوانین بەهۆی بیرکردنەوەوە لەنەفسدا کەشفی بکەین لەو سۆنگەیەوە کە لەڕێگەی ئەوەوە دەتوانین مەعریفە گەلێك لەخۆماندا بەرهەمبهێنین کە پێشتر لەهیچ کەسێکەوە دەستمان نەکەوتبێ، ئەفلاتون ئەمە بەبۆچوونەکەی دەربارەی (هێنانەوەیاد: التذکر)[4] تەفسیر دەکات کە دەڵێت دەبێ نەفس ئەو مەعریفانەی لەو ژیانەدا بەدەست هێنابێت کە پێش ئەم ژیانەی ئێستا بووەو ژیانی بەهاوڕێیەتی خوداوەندەکان بووەو بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەهەبووەکان (الموجودات) راماوەو هەر پەیوەندی بەجەستەوە کردووە ئەوەی بیرچۆتەوە کە زانیویەتی. بەڵام دەتوانێ بەهۆی (استقرأ)ەوە بگاتە ئەوەی لەقوڵاییەکانیدا حەشاردراوە وەك چۆن دانیشتوانی (ئەشکەوتەکە) ئەگەر روو وەربگێڕن دەتوانن شتەکان وەك حەقیقەتی خۆیان ببینن. لەبەرئەوەی تیۆرەکەی ئەفلاتون بەزۆری لەناو لایەنی فیکریدا دەسوڕێتەوە، دەکرێ وەك دەسپێکی روانین لەلایەك لەلاکانی نەست دابنرێ.

دەشێ شتێکی باش بێت کە لێرەدا باس لەوە بکەین کە ئەفلاتون نەخۆشیە عەقڵیەکانی خستۆتەڕوو و ئەم گوتەیەیان لێوەی هێناوە کە رەنگە کۆنترین تۆمار بێت دەربارەی مامەڵەی شێتەکان: (ئەگەر یەکێك تووشی شێتی بوو پێویستە نەخرێتە بەرچاوی دانیشتوانی شار، بەڵکو پێویستە لەسەر کەسوکاری ئەو کەسە، بەباشترین شێوەی زانراو بەچاودێریکردنی هەڵبستن، ئەگەر کەمتەرخەمیشیان لێوە دەرکەوت، دەبێ غەرامە بدەن وەك سزایەك لەسەر کەمتەرخەمیان لەئەرکەکانیاندا)[5].

بەڵام ئەرستۆ مەسەلەکەی بەشێوەیەکی راستەوخۆ نەخستۆتەڕوو بەبۆچوونەکەی نەبێت دەربارەی جیاکاری نێوان پرۆسە عەقڵیەکان‌و دەرککردنی عەقڵ بۆیان‌و گوتوویەتی: (لەپاڵ بیستن‌و بینیندا ئەوەش دەرکدەکەین کە دەبیستین‌و دەبینین)[6].



ئەفلاتون

ڕەواقیەکان[7] یەکەم کەس بوون لەهەست (الشعور) یان تویژیوەتەوەو لەخاسیەتەکانی دەروونی مرۆییان ڕوانیوەو هەوڵیان بۆ کۆکردنەوەو پۆلێنکردنی داوەو گوتوویانە دەروونی مرۆیی حەوت دەرێژکراوەی هەیەو بریتین لەپێنج هەستەکان و توانای قسەکردن و توانای خستنەوەی منداڵ، لەقوڵاییەکانی مرۆڤیشدا پرنسیپێکی عەقڵی هەیە کە کۆنترۆڵی هەست (الحس) و ئارەزوو دەکات و بیریش دەکاتەوەو خاوەنی ئیرادەشە، مرۆڤ دەتوانێ ئەم پرنسیپە نادیارە بەهۆی هەست (الشعور)ەوە دەرك پێ بکات، لەو سۆنگەیەوە کە ئەو ئامڕازەیە وا لەدەروون دەکات. کە بتوانین بزانین چی لەپێچەکانیدا ڕوو دەدات لەجووڵەو چالاکی.

ئەم بیرۆکەیە لەڕەواقیەکانەوە بۆ فەلسەفەی یۆنانی دزەی کرد، لەپاشاندا ئەفلاتونیزمی نوێ یەکەمین قوتابخانەیە کە بەڕوونی و ئاشکرایی لێی دواوە بەشێوەیەك مایەی سەرسامیە. بەڵام سیمای سۆفیانەی قوتابخانەکە پاڵی پێوەنا لەڕوانین لەعەقڵی هەستیانە (العقل الشعوری)وە بۆ قسەکردن بچێت لەسەر ئەوەی کە ئەگەر نەفس توانی لەو وەهمانە سووك بکات کە لەڕێگەی هەست (الحس) و جەستەوە دەچنە ناویەوە ئەوا تێڕامان لەمەعقول بەرەو کەشفکردنی سروشتە بێگەردەکەی بەرزدەکاتەوە.. نەفسیش ناتوانێ ئەوە بکات بەنوقمکردنی هەست و بەرزبونەوە

بەسەریدا نەبێ بۆ گەیشتن بەپلەی کەشف.. بەمەش لەسروشتی خۆی دەرناچێت چونکە کەشف هیچ نییە جگە لەڕۆچوون بەقووڵاییەکانی دەروونداو گەیشتن بەو حەقیقەتانەی لەنێوانیدا خۆیان حەشارداوە.. بەمشێوەیە دەروونە باڵاکان توانای دەرککردن و کارکردنیان هەیە بەبێ بوونی هیچ هەستێك (شعور) بەوەی دەرکی دەکەن یان دەیکەن لەبەرئەوەی دەروون هەست بەباڵاترینی فەزیلەتەکان ناکات. هەروەك (ئەفلۆتین)یش چەند ئاماژەیەکی راشکاوانە بەجیاوازی نێوان (هەست)و (نەست) دەکات کاتێك دەڵێت: (زۆر جار لەحاڵەتەکانی بێداریدا بیردەکەینەوەو کاردەکەین بێ ئەوەی هەست بەو پرۆسانە بکەین لەکاتی هەستانماندا پێیان. کارێکی پێویست نییە کاتێك کە دەخوێنینەوە هەست بەوە بکەین کە دەخوێنینەوە، بەتایبەتیش کە بەقوڵاییەکەیدا چووینە خوارێ.. بەڵکو هەستکردن بەکارکردن چالاکی لاوازدەکات تێیدا، لەکاتێکدا کارکردن بەتەنیاو (بەبێ هەستکردن پێی) بێگەردترو چالاکانەترو پاڵفتەترە)[8].

ئەم بیرۆکەیەی دوایی کاری لەبیرکردنەوەی فەلسەفیانەی دوای ئەفلۆتین کردو خەمی زۆرێك لەو خەڵکەی لەماوەی سەدەکانی ناوەڕاست و سەدە نوێیەکانیشدا بەلای گەڕان لەوریایی و ئاگابوون (الانتباه)و پەیوەندییەکەی بەپرۆسە عەقڵییەکانەوەو ئەگەری جیاوازیکردنی نێوانیاندا لایدا. هەروەك زۆرێکیش لەوان هەوڵی جیاکردنەوەی نێوان چالاکی عەقڵی و دەرککردنی ئەم چالاکیەیاندا.

بەڵام سەبارەت بەمەسەلەی (هەست)و (نەست)، ماوەیەکی زۆر لەدوای ئەو گونجاندنەی ئەفلۆتین پێی گەیشت، بێدەنگی باڵی بەسەردا کێشا کە لەسەدەی سیانزەهەمەوە بۆ سەدەی شانزەهەم درێژ دەبێتەوە کە مۆنتینی لەئارەزوو و بیرکردنەوە دواو ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە دەشێ ئارەزوو هەندێکجار (الشهوە) بەدەروون کار بکات بێ ئەوەی مرۆڤ دەرك بەبوونی بکات.

لەپاشاندا نزیکەی سەدەیەکی دیکە تێپەڕی پێش ئەوەی (لیبنتز) لەنوێوە باسەکە بوروژێنێتەوەو مەسەلەی (نەست) بخاتە ناو فەلسەفەوە کە بەبیرکردنەوە لەنەفسەوە نووسابوو و لەو کاتەوە گرنگیدان بەلێکۆڵینەوەی زیادی کردووەو دەڵێت: (هەزارەها بەڵگە ئەوە دەیکەنە شتێکی حەتمی لەسەرمان کە بڕیاری ئەوە بدەین بەردەوام لەدەروونماندا دەرکپێکراو گەلێك (مدرکات)ی بێشومار هەن، بەڵام بێ ئەوەی ئێمە دەرکیان پێ بکەین یاخود بیریان لێ بکەینەوە، واتە چەند گۆڕانکارییەکن لەخودی عەقڵ خۆیدا کە دەرکیان پێ ناکەین. لەبەرئەوەی ئەو فاکتەرانەی دەیانوروژێنن گەلێك زۆرو بچووکیشن، یاخود زۆر پێکەوە لکاوو یەکگرتوون تەنانەت زەحمەتە جیاکردنەوەیان لەیەکتری.

بەڵام کە یەکیانگرت لەکاریگەری دوورنابن و دەکرێ بەشێوەیەکی ناوەکیانە (ضمنی) هەستیان پێ بکرێ، لانی کەم هەستکردنێکی ناڕۆشن)[9].

کەواتە ئێمە بەو پێیەی (لیبنتز) دەڵێ، لەیەککاتدا بیر لەزۆرێك لەشتەکان دەکەینەوە، بەڵام زۆربەی ئەم بیرۆکانە لەمێشکدا ون دەبن بەهۆی نەریت یاخود ئاگالێنەبوونەوە، لەو سۆنگەیەوە کە لەقووڵاییەکانی مرۆڤدا چالاکیەك هەیە هەستی پێ ناکات بەهۆی خۆ حەشاردانیەوە لەقووڵاییەکانی دەروونیدا. لەژێر تیشکی ئەم چالاکیەدا دەتوانین لەجیاوازی لەو چێژو میزاجانەی تاکەکان یاخود شەپۆلەکانی غەمباری و جۆرەکانی شادمانی تێبگەین کە تووشی هەندێکیان دێت بەبێ بوونی هۆکارێکی ئاشکرا. بەڵکو گەر بمانتوانیایە دەروون شیتەڵ بکەین، بەگوێرەی گوتەکەی ئەو

دەشمانتوانی خەونەکانیش تەفسیر بکەین لەگەڵ ئەوەشدا کە لەوڕێنەدا روو دەداتو ئەو هۆکارەش بزانین کە مرۆڤ لەخەوی قووڵی بێدار دەکاتەوەو هی تریش لەو کارانەی ناتوانین لێیان تێبگەین تەنیا لەو کاتەدا نەبێ کە تەسلیم دەبین بەوەی لەدەروونداچەند بیرۆکەیەك هەن لەهەست (الشعور) ون دەبنو تاك دەرکیان ناکات[10] و مرۆڤ بۆ چەند جۆرێك لەچالاکی ئاراستە دەکات کە بەخەیاڵی خۆی مەبەستی نەبووە هەڵبستێت لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەداکردنیان دەرەنجامێکی پەیوەستە بەزۆرێك لەو بیرۆکە بچووکە شاردراوانەی کە کار لەسەر ئاراستەکردنی چالاکی فەردی دەکەنو بەپێکهێنانی نەریتەکانو بەڵکو خودی سۆزەکان هەڵدەستن، وەك چۆن خوڕەی شەپۆل دەنگگەلێکە بێشومار لەشەپۆلە بچووکەکاندا دروست دەکات.

بەڵکو ئەم دەرککراوە (المدرکات) بچووکانە مەترسی گەورەتر لەمەشیان هەیە (تەنانەت دەکرێ بگوترێ (ئێستا) دەبێتە دەرەنجامی ئەم دەرککراوە بچووکانە، لێوانلێوە لەداهاتوو و بارکراو بەڕابردوو)[11].

ئەم بۆچوونەی دوایی، کاریگەرییەکی گەورەی بۆ تیۆری فەیلەسوفە تازەکان هەبوو بەهۆی ئەوەوە کە فەلسەفەی لیبنتز لەبیرکردنەوەی ئەوروپیو بەتایبەتیش ئەڵمانیادا بەجێهێشت بۆ نموونە (کانت) فەسڵێکی نوسیوە دەربارەی (ئەو دەرکپێکراوانەی (المدرکات) کە هەستیان پێ ناکەین)و بە(تاریکی) وەسفی کردوونو ناکۆكو دژن لەگەڵ دەرکپێکراوەکانی تر کە بە(روونی)و ئاشکرایی وەسف دەکرێن، بەڵکو نموونەیەك بۆ ئەوە دەهێنێتەوە کە مایەی سەرسامیو بەگەڕخستنی فیکرە، کە سەلیقەیە لەئاماژەکردن بۆ مەسەلە سێکسیەکان لەمەجلیسە تایبەتەکانداو کارکردن بۆ شاردنەوەیو راکردن لەو شەرمەی قسەکردنی زەق دەربارەی دروستی دەکات. ئاماژە بۆ ئەو جۆرانەی چالاکی دەروونی دەکات کە نادیارن لەلامان: (ئەو جۆرانەی (حدس)[12] و کارتێکەرانەی هەستیان پێ ناکەین کایەیەکە سنوری نییە، چونکە ئەو ئایدیا روونەکان تەنیا بەشێکی لەڕادەبەدەر بچووك لەدەروون داگیر دەکەن کە هەست (الشعور) رووناکی دەکاتەوە. ئەگەر ئەو حەقیقەتەمان زانی کە ئەوە ئاشکرا دەکات کە لەجیهانی فراوانی فیکردا هیچ کەشف نەکراوە جگە لەبەشێکی یەکجار بچووك لەنەزانراوەکانی، ئەوا لەسەرمان پێویست دەبێ رامانمان لەسروشتی مرۆڤ بەسەرسامییەوە قووڵ بکەینەوە)[13].

بۆچوونی هێربارت سەبارەت بەمەسەلەکە قووڵترو دیاریکراوترە کە بڕیاریداوە دەرکپێکراوەکان (المدرکات) هەندێکیان بەسەر هەندێکی دیکەیاندا زاڵ دەبن، بەزێنراوە کە لاناچێ بەڵکو دەگۆڕرێ بۆ ئارەزوویەك لەئیدراکدا، بەمشێوەیە ئایدیاکان بۆ نەست لێژ دەبنەوە، نەك لەبەر کەموکوڕیشیان لەبەرهەمهێنانی چالاکی، بەڵکو لەبەرئەوەی ئایدیاگەلێکی دیکە بەسەریاندا زاڵبونو بەرەو ئەوێ پاڵیان پێوەناون.

گەرچی فەیلەسوفەکانی ئینگلیز هەموو خەمێکیان ئاراستەی جیاکاری نێوان چالاکی دەروونیو هەستکردن پێی کردووەو روویان لەلێکۆڵینەوەی ئەوە کردووە کە دەکرێ عەقڵ دەرکی بکاتو هەوڵیانداوە دەرککردنەکەی تەنیا لەدیاردە روکەشەکاندا کورت بکەنەوە، بەڵام هاملتون کە لەلایەکەوە بەفەلسەفەی کانت کاریگەر بووەو لەلایەکی دیکەشەوە بەفەلسەفەی رید، گرنگی زیاتری

بەـ(نەسـت) داو تەسـليم بـەبوونى پڕۆسـە عەقڵيـە نەسـتيەكان بـوو بەشـێوەيەك كـە گومـانى بـۆ نەهێشتەوە، لەپاشاندا لەسێ پلەی (نەزانراو)دا ڕێكيخستن:.

لەپلەو ئاستی یەکەمیدا مەعریفەی زمان هەیە (نەك تـەنیا لەتوانامدایە بەکاری بهێنم بەگوێرەی ئەو بارودۆخەی دێتە پێشەوە، بەڵکو دەتوانم دروستی بکەم هەرکاتێك و هەرچۆنێك بمـەوێ)[14] هـیچ مشتومڕو گومانێکیش لەمەدا نییە.

ئاسـتی دووەمـی (نـەزانراوو ونبـوون)ە کـە لەکاتێکـدا دەبێـت (کـە لەعەقڵـدا سیـستمگەلێکی دیاریکراو لەمەعریفە یاخود نەریتگەلی تایبەت بۆ کارکردن ئامادە دەبن کە بەهیچ شێوەیەك عـەقڵ لەحاڵەتـە ئاسـاییەکەیدا هەسـت بـەبوونیان ناکـات، بـەڵام هەنـدێکجار لەهەنـدێك دۆخـی چـالاکییە نائاسـاییەکاندا (الخـارق للعـادە) بـۆ هەسـت کەشـف دەبێـت)[15]. هـاملتون دەڵێـت فەیلەسـوفەکان لێکۆڵینەوەی ئەم دیاردەیەیان بەتەواوی پشتگوێ خستووە.

لەئاسـت و پلـەی سێیەمیـشدا ئـەو پڕۆسـانە ئامـادەدەبن کـە فەیلەسـوفەکان بـەردەوام هـەوڵی توێژینـەوەیان دەدەن، کە ئـەو چالاکیەیە لەنەستدا حەشارەو شوێنەوارەکانی لەهەسـت (الشعور)دا دەردەکەون و هەستیان پێ دەکەین و دەرکیان دەکەین.

لەگەڵ ئەوەشدا کە هاملتون لەم توێژینـەوە فراوانەیدا چارەسـەری هۆکاری (ونبـوون: الکمـون)ی لەچالاکی عەقڵیدا نـەکردووە، بـەڵام ئێمـە دەتـوانین بەپشتبەست بەپاڵپشتیکردنی بـەهێزی ئـەو بۆ فەلسەفەی لیبنتز، گومانی ئەوە بکەین کە لایەك لەم (ونبوون: الکمون)ە شیدەکاتەوەو دەیسەلمێنێ بـەو شـێوەیەی لیبنتـز پێشتر کردویـەتی کـە بریتییـە لـە(دەستەوەسـتانی ئاگـابوون: عجـز الانتبـاە) سـەبارەت بـەدەرککردنی پڕۆسـەکان بەهۆی ئاڵۆزبوونیـان و ئـەو یەکێتیەشـەوە کـە ڕەگـەزەکانی پێـوە دەبەستێ.

لەدوای (هاملتۆن)، (هارتمـان)ی فەیلەسوفی ئـەڵمانی بە(فەلسـەفەی نەسـت)دا ڕۆچـوو، لەنەسـت دوا لەخۆشەویـستی سێکـسیداو لـەڕەفتارو ئـەخلاق و بڕیـارە ئیـستاتیکییەکان و بەرهـەمهێنانی هونەریداو لەتەسەووفدا، بەڵکو لەنەست لەمێژوو خۆیدا. لەگەڵ ئەمەشدا (هەست)ی لـەمافی خـۆی بێبـەش نـەکردو سـنوری کـارکردنی خـۆی بـۆ بڕیـارداو لـە(نەسـت) جیـایکردەوە، بـەوەی توانـای داهێنـان و هونـەرکاری بەتـەنیا بـۆ (نەسـت) بڕیـارداو گـوتی: (بیرکردنـەوەی هەسـتیانە (الـتفكیر الشعوری) لەڕەخنەو نکۆڵیکردن و بەراوردکردن و راستکردنەوەو پۆلێنکاری و پێوانەو بەراوردکاری و بەستنەوەدا کورت دەبێتەوە، لەگەڵ ئەنجامگیری گشتی لەتایبەتی و ڕێکخستنی حاڵەتە تایبەتیـەکان بەگوێرەی ڕێسا گشتییەکە، بـەڵام نـاکرێ لەبەرهەمهێنـاندا داهێنـان بکـات یـاخود هونـەرکاری تێـدا بکات و لەو سۆنگەیەوە کە مرۆڤ لەوەدا بەتەواوی پشت بەنەست دەبەستێ)[16].

(هارتمـان) پرنسیپە باڵاکـانی فەلـسەفەکەی لەسـەر دوو پایـە بنیـاد دەنـێ: (بیرۆکـە: الفکـرە) کـە هیگڵ زیادڕەوی کرد لەبانگەوازکردندا بۆی و (ئیرادە) کە شۆپنهاور لەلایـەکی دیکـەوە مژدەی پێدا. ئەو لەدوالیزمێکدا کۆیکردنەوە کە دەڵێت (بیرۆکە) لەچـەند حاڵـەتێکی تایبەتیـدا لەهەسـتدا ئامادە دەبێ، بەڵام ئیرادە بۆ هەمیشە لەنەستدا دەبێ. هەست لەلای ئەو چەند پلەیە کە لەتەمومژاویبوون کە دەگاتە ئەوپـەڕی لەقوڵاییدا کە هیچ دیاردەیەك نییـە ئاشـکرای بکـات چـی تێـدا ڕوودەدات، هـەروەك بەوەش جیادەکرێتەوە کە چالاکییەکی رووتی پەتییە.

لەدوای ئەوە (نەست) بەدەروونناسیەوە هەڵواسراو بڕوابوون پێی پتەو بوو بانگەوازکردنیش بۆی زیادی کرد، بەتایبەتیش دوای تەسلیمبوون بەبیرۆکەی باڵایی (الفکرە العلیە) لەزانستەکانی ماددەدا، چونکە چوونە ناو ناخ و ئاشنابوونە پێی (الاستبطان) کە باشترینی میتۆدە سایکۆلۆژیە کلاسیکییەکانە زامنی تەفسیرکردنی زۆرێك لەو دیاردانەی ڕەفتار نییە کە ناتوانرێ لەهۆکارەکانی دڵنیاببین یاخود داوای هۆکارەکانی تەفسیرکردنی بکەین، مەگەر بەگریمانکردنی یەکێتی لەژیانی دەروونیداو بڕیاردانی بەردەوامی لەچالاکی عەقڵیدا تا ئەوەی دەکرێ باس لەچەند جۆرێك لەبیرکردنەوە بکەین کە بەشاردراوەیی لەدەروونداد دەمێننەوە هەتا هەلی دەرکەوتنیان بۆ دەڕەخسێ بەئاشکرایی یاخود بەدەمامکەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا کەم نین ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی بیرۆکەی نەست کراون، تەنانەت لەلایەن ئەوانەشەوە کە بانگەوازی تەسلیمبوونیان کردووە پێی:

بۆ نموونە گوتراوە کە دەستەواژەی دیاردە دەروونیە ناهەستیەکان (غیر الشعوریە) دەستەواژەیەکی نائاشکراو زۆر تەمومژاوییە بەڵکو دژایەتی و ناکۆکیەکی گەورەو سەرسوڕهێنی تێدایە، لەو ڕووەوە کە چۆن دەکرێ هەست لەدیاردەکانی هەست نەفی بکەین یاخود قسە لەبیرۆکەیەك بکەین کە بیرۆکە نەبێت، لەو سۆنگەیەوە کە ئەگەر (هەست) کرۆکی بیرکردنەوەو ماهیەتەکەی بێت ئەوا کارەکە ئەگەر ڕێگەبگیرێت لەوەی هەستی بێت لەهەمان کاتیشدا ڕێگە لەوەش دەگیرێ کە دەروونی بێت. دیاردەگەلێکی فسیۆلۆژی نەستیانە هەیە کە پێش دەرککردنی هەستیانە (الادراك الحسی) یاخود هەڵچوون (الانفعال) دەکەوێت، بەڵام ناچێتە چوارچێوەی چالاکی دەروونیەوە. بەڵام قسەکردن لەسەر بوونی دیاردەگەلی دەروونی نەستیانە قسەکردنێکی ڕەتکراوەیە. تەنیا گرووپ و تاقمەکەی لۆك لەبنەڕەتەوە دژی بۆچوونی بیرکردنەوەی نەستیانە نەوەستانەوە، بەڵکو هاملتۆنیش وروژاندی سەرەڕای پشتگیرییکردنی زۆریشی بۆ بوونی نەست، بەرگریشی لەدژایەتیەکەی (تناقض) لەگەڵ خودی خۆیدا کرد بەوەی کاتێك لەنەست دەدوێ مەبەستی پێی تەنیا (گۆڕانی شاراوە: التغیر الکامن)ە لەدەرووندا.

بەمشێوەیە زۆرێك لەزانایان و تەنانەت هارتمان بۆ خۆشی دەڵێت: (دیاردەیەکی جەختلێکراوە کە مرۆڤ پێچەوانە لەگەڵ خۆیدا بوەستێتەوە ئەگەر لەدیاردەگەلێکی دەروونی بدوێ کە بەهیچ شێوەیەك هەستی پێ نەکات). لەپاشاندا. هەوڵی ئەوە دەدات پاساو بۆ پاشەکشەکەی لەتوێژینەوە فراوانەکانی دەربارەی نەست بهێنێتەوە بەوەی کە ئەوەی ئەو مەبەستیەتی لەدیاردەی نەستیانە (الظاهرة اللاشعوریە) ئەوەیە کە دیاردەیەکە زۆر هەستیانە نییە.

ئەم ڕەخنەگرتنە بەهای خۆی هەیە لەو سۆنگەیەوە کە قەبوڵکردنی بیرۆکەی نەست لەسایکۆلۆژیادا لایەنێکی گەورەی لەهۆگربوون و پێوەڕاهاتن هەیە و بەسەر مێژووی زانستەکانی دیکەدا تێپەڕیوە کە چەند گریمانەیەکیان پەسەند کردووە کە وەك مەسەلەگەلێکی پڕوپووچ بۆ خەڵکی دەرکەوتووە بەشێوەیەك کە نەتوانرێ لۆژیکێکی دروست یاخود عەقڵێکی بەهێز پەسەند بکات بەڵام لەدواییدا ڕاستێتیەکەی چەسپاوە، لەنموونەی ئەو بابەتانەش حسابکردنی ناکۆتا و یاسای کێشکردنە. لەبەرئەوە چیتر قسەکردن لەسەر بوونی دیاردەگەلێکی دەروونی نەستیانەدا هیچ ناکۆکییەك (التناقض) نابینین. مەگەر بۆ ئەو کەسانەی یەکەمجار ڕووبەڕووی بیستنی دەبنەوە.

ئەگەر بەڵگەكان بانگەواز بۆ تێكەڵی نێوان مەسەلە دەروونیو هەستیەكان بكەن-لەبەرئەوەی ئێمە نەفس ناناسین بەهۆی هەست (الشعور)ەوە نەبێت- هیچ هۆكارێك نییە وامان لێبكات بڵێین هەست ماهیەتی بیركردنەوەیە. رەنگە راستتر وابێت بیركردنەوە بەوە پێناسە بكەین كە ئازادیو توانای خواستی ئەو چارەسەرانەیە كە بەرەو ئامانجگەلێكی دیاریكراو دەچنو بەتوانای هەڵسوكەوتكردن لەهەڵوێستە جیاوازەكاندا، باشترە لەوەی لەبوونی توانایدا بۆ روونكردنەوەی خودی خۆیدا كورتی بكەینەوە. ئەگەر ئێمە چالاكی دەروونیو دەرككردنی ئەم چالاكیە لەیەكتر جیابكەینەوەو ماهیەتی بیركردنەوە لە(هەست)دا كورت نەكەینەوە، ئەم ناكۆكیە دەربارەی نەست نامێنێ.

رەخنەیەكی دیكە هەیە دەڵێ لەبەرئەوەی دیاردە دەروونیە نەستیەكان ناكرێ بناسرێنو پەییان پێ ببرێ. لەبەرئەوەی دەروونین ناكرێ لەدەرەوە لێیان بكۆڵرێتەوە وەك لێكۆڵینەوەی دیاردە فسیۆلۆژی یاخود ماددیەكانو لەبەرئەوەش كە نەستیانەن ناكرێ لەناوەوە ببینرێن. بەمجۆرە ناتوانرێ بەهیچ یەكێك لەمیتۆدەكان لێیبكۆڵرێتەوە. وەك ئەوەی لەبنەڕەتدا نەبووبێت. ئەم قسەیەش بەرپەرچ دەدرێتەوە بەوەی ئەو حەقیقەتەی كە ناكرێ هۆكارێك بسەلمێنرێ، دەتوانرێ لەڕێگەی شوێنەوارەكانیەوە بیناسین لەبەرئەوەی وامان لێدەكات رایەكی تایبەت دەربارەی ئەو هۆكارە پێكبهێنین كە ئەم شوێنەوارانە بەرهەم دەهێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا كە خەڵكی، بۆ نموونە، تەنیا روویەكی مانگ دەبینن، هیچ یەكێك لەگەردووناسان گومانیان نییە لەبوونی روویەكی تری كە لێمانەوە دیار نییە. هەروەها كە ئێمە هەست بەشەپۆلەكانی (ئەثیر) ناكەین، زۆرێك لەسروشتناسەكان بەردەوام گریمانەی بوونی دەكەنو كار لەسەر پێوانی شوێنەوارەكانو دیاریكردنی ئاراستەی شەپۆلەكانی دەكەن. ئەگەر پێشەكیەكانی زانستو پرنسیپەكانی پاساوی یەقینی گەردووناسو سروشتناسان بكەن، ئەوا لەئەزموونە سادەكانی رۆژانەماندا ئەوە بەدی دەكەین كە ناچاری تەسلیمبوونمان دەكات بەبوونی چالاكیەكی نەفسی لەئەوی تردا وەك چۆن لەخۆماندا هەیە لەپاشاندا بەتەسلیمبوون بەبوونی چالاكیەكی نەستیانە كە پاڵمان پێوە دەنێ بۆ بڕوابوون بەچەند جۆرێكی جیاواز لەڕەفتارو بیركردنەوە كە ناكرێ تێیان بگەین بەتەسلیمبوون نەبێ بەهۆكارگەلێكی شارراوە لەدەروونا.

رەخنەیەكی دیكەش هەیە عەقڵكاری نەستیانە بەتاڵ دەكاتەوەو بانگەواز بۆ پەنابردنەبەر فسیۆلۆژیا دەكاتو خاوەنەكانی دەڵێن ئەوەی لەنەستدا روودەدات هیچ نییە جگە لەزنجیرەیەك لەپرۆسەگەلێكی فسیۆلۆژیانە كە دواتر كاریگەری بۆ سەر هەست دەبێ، بەڵام لەخودی خۆیدا عەقڵیانە نییە، لێرەدا مەبەست لەپرۆسە عەقڵیەكان: ئەو پرۆسانەن كە هەست هاوڕێیان دەبێ. ناویشیان لەو چالاكیە فسیۆلۆژیە ناوە كە لەهەستەوە دیار نییە بەناوی (كاری مێشكی نەستیانە: الاستنخاخ اللاشعوری) یدا.

بەڵام دەكرێ ئەم رایە بەرپەرچ بدرێتەوە بەوەی چەند حاڵەتێكی زۆر هەیە كە پەیوەندییان بەهەستەوە نییەو بەعەقڵكاریو ئیدراكیش وەسف دەكرێت لەنموونەی شیكاری مەسەلە حسابیەكانو هی تریش لەكاتی خەوتنداو ئەو حاڵەتەش كە دەكەونە دوای خەواندنەوە. ئەمەو بەستنەوەی پرۆسە عەقڵیەكانیش بەچەند پێشەكیەكی فسیۆلۆژیەوە قسەیەكی پووچەو خاوەنانی

دەروونناسی دژی دەوەستنەوەو بەبەڵگەگەلێك بەتاڵی دەکەنەوە کە ئەوە بۆ دەروون دەسەلمێنی کە بەسە بۆی لەخۆوەکیبوون (تلقائیە)و بەرهەمهێنانێکی رەسەنە.

**سەرچاوەو پەراوێزەکان:**

1.سوکرات کاری لەسەر پشکنینی مرۆڤ دەکرد نەك بنیادنانی فەلسەفەیەکی دیاریکراو: تووشی لاوێك دەبوو و پرسیار لەدوای پرسیاری لێ دەکرد بۆ ئەوەی بۆی بسەلمێ بەکاری خودی خۆی نەزانە. لەم کارەشیدا شێوازی گاڵتەجاڕی: التهکم Ironie)ی بەکاردەهێنا بۆ ئەوەی بۆ خەڵکەکەی ئاشکرا بکات کە هەڵەن ئەگەر وا خەیاڵ بکەن کە شتێك دەربارەی حەقیقەتی ئەو شتانە دەزانن کە لەدەروونیاندا دەگوزەرێ، لەپاشاندا یاریدەی ئەو کەسانەی دەدا بۆ گەیشتن بەو حەقیقەتەی کە پێشتر بڕیاریان دابوو کە نایزانن‌و ئەمەش پێی دەگوترێت (دروستکردن‌و بەرهەمهێنانی: التولید Maieutique).

.platon: philebe, 21,V..2

.Ibid: 35, d, e.3

.Reminiscence.4

.platon: Republique.5

.Aristote: De Anima 3, 3.6

7.ڕەواقیەکان یەکەم کەس بوون وشەی هەست (الشعور) یان بەکارهێناوە.

.platin: Inneades I, 4, 10.8

.Leibniz: Nouveaux Essais sur L' Entendewent humain, Avant Propos.9

.Perceptions inapercues.10

.Leibniz: OP. cit.11

.Intuition.12

.Kant: Anthro Pologie, 5.13

.Hamilton: Lectures, lect 28. 15-14

.Hartman: philosophy of the unconscious (B) VI.16

.Unconscious cerebration.17

**سەرچاوە:**

علم النفس الفردي، اصولة وتطبيقة، للدكتور إسحق رمزي، دار المعارف، القاهرة، الطبعة الثالثة، ص (17-27).